خوێندنەوەی کتێب: گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی

گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی.. بەرگی یەکەم ژمارە ١-١٦/ چاپی٢٠٢٢

پێش ئەوەی هەر شتێ بین، دەبێ کورد بین

ئاڵای سووری کوردایەتی

ژمارە حەوت / خەرمانانی ٢٥٩٣ ئابی ١٩٨١

ناواخنی ئەم ژمارە بە ٩ بابەتی هەمەجۆر ڕازاوەتەوە..

سەرنجێکی ورد کە لە مێژووی ئەم گۆڤارەدا جێی بایەخە، بریتییە لەوەی کەوا سەرباری ئەو هەموو سەختی و گرفتانەی ئەو ڕۆژانەی خەباتی چەکداری و ناکۆکی نێوخۆیی کەچی گۆڤاری (ئاڵای سووری کوردایەتی) وەک بڵێی نووسینگەی لە پایتەختێکی ئارامدایە و بەدەیان رۆژنامەنووس و هەواڵنێری هەیە و گفتی جەنتڵمانانەی بە خوێنەرانی داوە، لە کات و ساتی دیاریکراویدا مانگانە بە ڕێکوپێکی دەردەچێت.. گرنگی و بەهای ئەم لایەنە سەرنجی لێ بگیرێ لەهەر ڕەهەندێکی مێژوویی و رۆشنبیریی و تەکنیکی و پەرۆشییەوە، هەر زیاتر دەدرەوشێتەوە..

شیعرێکی ع. پەشێو کە پڕە لە هیوا و بڕوا بە خەبات و ئاسۆی دوارۆژێکی گەشت تر ، لەبەرئەوەی منداڵانیش یاری بە بووکەشووشە ناکەن، بەڵکوو لە کەرەسەی بووکەشووشە تفەنگ دروست دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی... بەڵێ شیعری پەشێو بەم مانا و ناوەڕۆکەوە ئەم جارەش دەبێتە کلیلی کردنەوەی نووسین و لاپەڕەکانی ئاڵای سووری کوردایەتی..شیعری ( سەردەکەوین)...!

سەروتار، بە تایتڵێک ڕازاوەتەوە، هەڵگریی هەموو مانا و مەبەستەکانە. هەروەک ئەوەی بۆ خۆی قسە دەکات و خوێنەریش لێی تێدەگات و چێژی لێ وەردەگرێ.ئاخر روون و زەلالە و جگەلەوەی وتارەکە لە هەناوی مێژوودا کار دەکات، هەمان کات وانە و پرنسیپێکیش پێشکەش دەکات!..[[ پەیمانی سیڤەر ئەوەمان فێر دەکات" هەق ئەگەر کوتەکی لە پشتەوە نەبێت دەچەمێتەوە"]]..

بەداخەوە بەدرێژایی مێژوو ڕووداوگەلێکمان بەرچاو دەکەوی، هێز زاڵە بەسەر هەق و دادپەروەریی و ڕاستی دا.. وەک مەسەلەی هەق دۆزی کورد بۆخۆی یەکپارچە هەق و ڕەوایە، بەڵام نەتەوەی کورد خاوەن هیزی پێویست نییە، بتوانێ داکۆکی پێ لە هەقەکەی خۆی بکات، لەڤەرئەوەیە وا خەریکە لە ناهەقیدا لەناوی دەبەن..ڕەنگە زۆربەی گەلانی دنیا مافی بڕیاری چارەنووس بۆ کورد بە هەق و ڕەوا بزانن، بەڵام سیستەمی جیهانی ئەهریمەن ئەو هەق و دەسەڵاتەی ناداتێ!.. لەزۆر کایە و بواری دیکەشدا هێز و دەسەڵات جێی بە هەق و ڕاستی لەق کردووە.. بەداخەوە هێز چارەنووس دیاری دەکات، نەک مافی ڕەوا و هەق و دروستی!... لەگەڵ ئەوەشدا وەکوتراوە:" واز لە هەق مەهێنە ! لەبەرئەوەی کەوازت لێهێنا، ئەوە بۆ ناهەقی بەجێ دێڵی". بەڵێ ئەوە گرنگی و بەهای هەقە و هەر بۆیەشە ئەگەر لەگۆشەنیگایەکی گەورەترەوە لە جیهان بڕوانین ، دەبین ناهەقی پانتاییەکی زۆری لەسەر نەخشەی جیهان و چارەنووسی مرۆڤایەتی داگیر کردووە!!.. داکۆکیکارانی هەقیش ئیمڕۆ زیاتر کۆک و تەبا و هەرەوەزی دەکەن و سەنگ و قورسایی نێوچەیی و جیهانییان هەیە، دەستبەرداری هێنانەدی ئاواتەکانیان نابن..!

لە دنیای ئەمڕۆشدا هێز واتە دەوڵەت! بێدەوڵەتی دیسان دەبێتەوە کارەسات و قوربانی گەورەی لێ دەکەوێتەوە.. ئێستا کورد قوربانی دەستی هێزە و هەتیوی نێو مێژووی مرۆڤایەتییە..!

[[ڕازێکی کوردانه]] که بابەتێکی هەمیشە ئامادەی ژمارەکانی ئاڵایه، بە ا[[ پێشنیارێک]].. ڕوومان لێ دەنێ و دەنووسێ]]:

حیزب دەتوانێ پێشەنگ و پێشڕەوی خەباتی جەماوەر بێت بەڵام نابێتە جێگرەوەی. جەماوەر و دەفری هیچ حیزبێک هێندە فراوان نییه هەموو جەماوەر بگرێتە خۆی و بیری هیچ حیزبێک هێندە بێ سنوور و لەبەر کشاوە نییە هەموو بیروڕاکان لە خۆی گرێ و بەرژەوەندیەکانی چینە جۆربەجۆرە زەحمەتکێشە شۆڕشگێڕ و دڵسۆزەکانی کۆمەڵگای لەوە بەرفراوانتر و ئاڵۆزتر و لێک نەچووترە کە تاکە حیزبێک بتوانێ لەنگەر گری پێ بکات..[[

ئەقڵێتێکی تەسکی حیزبی و خەیاڵێکی سەرمەستانە بە ئایدۆلۆژی لە وڵاتی ئێمەدا باوە، هەر دەستە و تاقمو ڕێکخراو و حیزبێ دەیەوێ ملیۆنەها تاکی کورد لەخۆیدا کۆبکاتەوە و بەواتایەکی تر نادیدانە خۆی بەنوێنەری سەراپای هەموو نەتەوەی کورد دادەنێ.. ئەمەش جگە لەوەی ناواقعێتی و گومڕاییە، هاوکات دەردێکە مرۆڤ بە هەڵەی سەیردا دەبات.. لەخۆبایی بوون و عەنتەریاتی لێ دەکەوێتەوە و هەڵەی کوشندەی پێ دەکات و نائومیدی لێ دەچنێتەوە!! .. بەتایبەت لەسەردەمی شۆڕش و خەباتی رزگاری دا.. سارتەر دەڵێ:" من دەسەڵاتم بەسەر ئەو تاکەدا نامێنێت کە دەرک بە ئازادی خۆی دەکات".. هوشیاری بە ئازادی ، مایەی رزگارییە لە بندەستی و ڕێگریی لە دادۆشین و فریودان.. بەشێک لە حیزبایەتیش بریتییە لە قاڵب دان و زاتکوێرکردن و بزرکردنی هەقیقەت و بەکارهێنان و دادۆشین!.. محەمەد حسین هەیکەل دەڵێ:" گرنگ نییە مرۆڤێکی سیاسیی بیت یان نا، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە ئەو کەسانەی سیاسین دەبێت هوشیار بن". ئەم جۆرەهوشیارییە لەنێو کورددا داواکاری لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیە لەسەروو هی حیزب و کەسەوە..!

هەموو ئەو ڕۆژە سەختانەمان لە یادە کە دروشم و نەعرەتەی حاکمی: ئێمە گۆڕەپان و پارتی تاقانەی پێشڕەو و حیزبی گەلین، ماڵکاولی بەسەرماندا هێنا.. لە ورارەژەدا هاتووە داوا دەکەین [[ سەرکردایەتی بەڕێوەبەری شۆڕشی میللی کورد" وەکو دەزگایەکی بەڕێوەبردنی شۆڕش لە - یەکگرتنی دڵسۆزانی کورد- بۆ بەڕێوەبردن و چاودێری و بەئەنجام گەیاندنی شۆڕشی میللی دابمەزرێ]]..

ئەم پێشنیازەش لە چرکەساتە مێژووییەدا بایەخی نەتەوەیی و مێژوویی و سیاسی و حیزبیشی هەیە.!

[[پرۆگرامی شۆڕشی میللی]].. بەتێروتەسەلی شەنوکەوی پرۆگرامەکە کراوە و بەگیانێکی کوردانە و بەرپرسانەوە، وەک پرۆژەیەک بۆ دیالۆک پێشکەش کراوە بە گشت لایەنەکان و ڕۆشنبیران و خەمخۆرانی کورد...!

{{ لە کەلەپووری شۆڕشگێڕمان[[

دوو شیعری ناوەڕۆک دەوڵەمەند و پڕ لە مانای شیعریی و هونەری بەرز لە بەرهەمەکانی مامۆستا هەژار بڵاوکراونەتەوە ، بێ ئەوەی ناوی خاوەنەکانییان لەسەر نووسرا بێت. ئێمە لێرەدا یەکێکیان دەخەینە بەرچاوتان، کە نمایشتی حاڵی کورد دەکات..

لەبەهاری نەهاتوو!!

لاوە دۆمێک بووە مێردی دوو ژنە

یەک ناوی: نازێ ،ئەویتر : شنە

زستان بوو.. دەیگووت: ئەمساڵ بەهارێ

دوو کەوان دەگرم بۆ شنە و نارێ

بوو بەشەڕە ژن لەسەر کەوی نێر

ئەو دەیگووت بۆ من، ئەم ئەیووت نەخێر

یەکتریان شێلا بە پێلەقە و پێ

هاواریان دەکرد زار و زیچی دێ

نە بەهار هەیە و نە کەو گیراوە

قژی دۆمە ژن گشتی ڕناوە!!

زۆر لاوە کوردیش وەک ژنی لاوە

شەڕیانە و هێشتا کەو بە چیاوە!!

[[قوتابخانەی پاسۆک]] وانەی حەوتەم [[خۆشەویستی کوردانە]]...

وتارێکی سیاسی لەفۆڕمی پەخشاندا نووسراوە، باس لەخۆشەویستی نیشتمان دەکات لە لای گەلانی دنیا دێتە سەر خۆشەویستی هاوبیرانی پاسۆک بۆ کوردستان و دەنووسێ" خۆشەویستی ئێمە بۆ کوردستان، خۆشەویستییە بۆ بوون و سرووشت، خۆشەویستییە بۆ سەرچاوەی ژیانی مرۆڤ کە نیشتمانە.."

جارێکی تریش شیعرێک لە کۆتایی وتاری سەرێ" خۆشەویستی کوردانەدا" هاتووە.. بێ ئەوەی ناوی شاعیری نووسرا بێت..!

ئەوینی گەورە

چی زۆر بەنرخە و من شکی ئەبەم«»نیشتمان بە دڵ پێشکەشتی ئەکەم
من ئەوینی وام بۆت کەوتۆتە دڵ«»ئاوەڵمە کاتێ دەشکەومە ژێر گڵ
ئەوینی هەرگیز ناکا پرسیار«»تاقی کەرەوە جارێک نا سەد جار
ئەوینی هەرچی تۆ بڵێی دەوێری «»زوو ئامادەیە نرخی بژمێرێ
ئەوینێک هەرچی هەستی زۆر و کەم«»دەڵێ ئامادەم قوربانتی دەکەم

لە کوردستان هیج رۆژێ بێ بانگدان بەسەر جەماوەردا تێناپەڕێ و ئاڵاش هیچ ژمارەیەکی بێ [[ بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە]] دەرناکات... جا خوێنەر دەبێ چاوەڕێی چی بێت... پاسۆک بێت بیەوێ بانگ بۆ جەماوەر بدات!.. دەبێ چ بانگێ بێ و جەماوەر چاوەڕێی چ بێت لێی؟...!

بانگەکە پەخشانێکی چروبەپێزی دیالۆکئاسایە و دیسانەوە ئاراستەی ناوخۆی کورد کراوە: ]]من ڕۆڵەی میللەتێکی چەوساوەی ژێردەستەم دوژمنان و داگیرکەرانمان ژیانمان پێ ڕەوا نابینن دەیانەوێ لە چۆکدادانی خزمەتکاری ئەواندس بژین و بمرین دەیانەوێ وەکو ئاژەڵێک دامان دۆشن و بارمان کەن..ئەوان ڕقیان لە ناوی کورد لە بوونی کورد چاویان هەتا بەو چەند پیتەی ناوە ڕووتەکەی

کوردستانیشدا هەڵنایەت.. ئەمە حاڵ و باری میللەتەکەم بێت، من بۆ مردن لە پێناوی گێڕانەوە و سەندنەوەی بوون و کەرامەتی مرۆڤانەی کوردیدا نەبێت بۆچی چاکم؟..]]!

دوو شیعر ناویان لەسەر نەنووسراوە! یەکێکیان نەناسراوە ئەوی دیکەیان هی کامیل ژیرە..

[[شادەمارە سەرەتاکانمان]].. ئەو زنجیرە دروشم و بنەما فیکرییانەن کە ناسنامەت پاسۆک لە خۆ دەگرن و پاسۆک لە پێناویدا تێدەکۆشێ..[[ ڕێز لە هەموو یارمەتی و کۆمەکێکی خێرخوایانە دەنێیین کە پێشکەس بە کورد بکرێ، لە هەر لایەکەوەبێت بە مەرجێ سەربەستی و سەربەخۆیی کوردی تێدا نەکەوێتە مەترسییەوە]]..

ئەو پریسنیپەی ئەزموونی گەلان بەدیاری خستووەو نەخشاندوویەتی، هیچ شۆڕش و خەباتێکی ڕزگاری میللەتێک بێ کۆمەک و پشتیوانی دەرەکی سەرکەوتوو نابێت.. لە شۆڕشی ئەمەریکاوە تا دەگاتە ڤێتنام! شۆڕشی فەرەنسی و ئەڵمانی ئاوارتەن، چونکە پەرچەکرداری داگیرکاری نەبوون...!

ئەو پرسیارەی لێرەدا پێویستە بکرێ سەرچاوەی کۆمەک و هاوکاریی چەند خاوێن و بێ مەبەستە! ئەمە خاڵێکی گەوهەرییە، بەتایبەتی بۆ دۆخێکی ناهەمواری سەختی هەڵکەوتووی جیوپۆلەتیکێکی دژواری وەک کورد لەنێو چوار داگیرکەری دڕندە و دواکەوتوودا..!
کوردی باشوور لە کێ و لە کوێوە دەستی دەگاتە هاوکاری و پشتیوانی دەرەکی! هی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور کە دۆخی باشترە، چونکە ئەرمینیا و یۆنان و قوبرسی وەک دوژمنی کلاسیکی لە تورکیاوە نزیکە!.. بەڵام دیسان سەختە..!

کەواتە بە حوکمی مێژوو کورد ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ ئەگەر پەیوەندییەک لەگەڵ داگیرکەری بەشێکی تری وڵاتەکەیدا پێک بهێنێ! دەبێ لەسەر چ بنەمایەک بێت و چ میکانیزمێ هەڵیسووڕێنێ و چۆن و لەسەر هەژماری چ مەرامێک بێت...

گومانی تێدا نییە و بەڵگەنەویستە، کەوا داگیرکەر هەرگیز ڕێگەنادات کورد هێندە سەربزێوی بکات، مەترسی بۆ خۆی لێ بکەوێتەوە!.. هەر نەبێ بەشێک لە کورد لەژێر چنگی خۆیدایەو بڕیاری داوە بەبندەستی بیانهێڵێتەوە و هەر بزاڤێک بکەن سەرکوتیان بکات!.. ئیدی هاوکێشەکە زۆر ئاڵۆزە و خوێندنەوە و زرنگی ورد و بەدیقەتی گەرەکە..!

[[ماڵاوا]].. ئەم جارە بابەتەکە لە سەر ڕۆڵی پرسنیپێکی سیاسی دەوەستێ و گرنگی پێدەدات ولەسەری دەدوێ[[ ڕەوشتی سیاسی]]..

ئەم بابەتە لە کاتەی زانستیشدا دەخرێتە پاڵ سیاسەت و سیاسەتی بێ مۆڕاڵ ، هەمیشە دڕندەیی و ڕەفتاری قێزەون و نامرۆڤانەی لێ کەوتۆتەوە.. دەتوانین سیاسەتێ بە تەندروست دانرێ، کە بەها و ڕەوشتی سیاسی تێدا بزر نەبووبێ..
وتراوە لە سیاسەتدا ڕەوشت نییە! یاخود سیاسەتی بێ مۆڕاڵ دڕەندەییە!! ئەم خاڵە باسوخواستێکە قسەی زۆری لەسەر کراوە.

تا خوێندنەوە بۆ ژمارەی داهاتوو منیش دەڵێم: ماڵئاااااااااااوااااااااا...
«»«»«»«»«»«»«»«»«»<><><><><><><><><><><><><>

تێبینی: لەم ژمارە بەدواوە بەپێی توانا پۆستەر یان وێنەی پۆلێک لە شەهیدانی پاسۆک بەرودوا بڵاو دەکەمەوە ، چونکە بێ ناو و خەباتی ئەم پۆلە شەهیدە، ناو و مێژووی پاسۆکیش نابێت...!

هیوادارم خۆم یان هاوبیرێ ئەمە بکاتە پرۆژەیەکی سەربەخۆی تێروتەسەل لە ژیان و خەباتی هاوبیران و چاپ و بڵاو بکرێتەوە...!